# سەربازێکی هەڵهاتوو چیرۆکی ئەنفالەکان بۆ ڤین دەگێڕێتەوە

# لەسەر دیوارەکە نووسرابوو

# " کە هاتمە ئێرە کچ بووم ، بەڵام ئێستا دوو منداڵم هەیە "

ئا – ئەرسەلان تۆفیق تایبەت بە ڤین

● پرۆسەی ئەنفال هەرچەندێکی لەسەر بگوترێت هێشتا بارتەقای ئازارەکانی ئەو کارەساتە نییە، بەبڕوای من بە ئەندازەی ژمارەی ئەو مرۆڤانەی کە لەو پرۆسەیەدا لەناوچوون و ئەوانەش کە لەپاش ئەوان ماون ئەوەندە دیرۆکی نەبیستراو لە ئارادایە و هەریەك لەو دیرۆکانەش بە مەرگێکی ئەستەم کۆتایی دێت، مەرگێك جیاواز لە مەرگی هەموو مرۆڤەکانی دونیا .. مرۆڤانێك بەبێ کفن و بەبێ رووکردنە قیبلە و لەگۆڕی بەکۆمەڵدا بەشۆفلّ کران بەژێر خاکەوە بێئەوەی فریای شایەتومانیش بکەون ...

لەسەربوردی چیرۆکەکانی ئەنفالدا ناوی زۆر جێگە و رێگەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانمان بەرگوێ کەوتووە بەڵام تا ئێستە ئەوەندەی من ئاگادارېم لەسنوری عەرەبستانی سعودیە و لە دەشتە کاکی بەکاکیەکەی (شەیحات) دا نەبیستراوە ژن و منالّی کورد ژیابن و دواتر وەك شایەتحالّێك باسیکردووە زیاتر لە هەزار ژن و منداڵییان کردووە بەژێر خاك و خۆڵی بیابانەوە ...

ئەمجارەیان سەربازێکی کوردی خەڵکی شارۆچکەی سەیدسادق بەناوی (عوسمان محەمەد) چیرۆکەکانی ئەنفالمان بۆ ریوایەت دەکات کە بەچاوی خۆی ئاسەوارەکانی ژن و منداڵی کوردی لەو سنوورە دوور و کاکی بەکاکیەی سعودیەدا بینیوە ئەو دەڵێت ١٩٩٠/٩/٥ لیواکەمان لە دیوانیەوە گوازراینەوە بۆ دەشتێکی کاکی بەکاکی کە لە ناسریەوە ماوەی زیاتر لە دە سەعات رۆیشتین ئێمە لیوای (٨٠٦) و فەوجی (سێ) بووین .. سێ رۆژ بەبیاباندا سووڕاینەوە تا جێگەیەك پەیدابکەین، ئێمە بۆ مەبەستی چاودێریکردنی (انزال جوی) سوپای هاوپەیمانان براینە ئەو سنوورە، دوای ئەوەی جێگیربووین لە (شیحات) سەحرایەك بوو تەنها خۆڵ هەبوو، کە خۆرئاوائەبوو وات دەزانی دەچێتە ژێر زەوییەوە، لەو ناوچەیەدا کۆمەڵە بینایەك دروستکرابوون لە بەرد، سەقفەکەشی شێلمان بوو بەگەچ و بەرد سەریان گیرابوو هەردوو هۆدە و هەیوان بەجیابوون بەڵام حەوشەیان نەبوو، بیرێکی ئیرتیوازی تێدا هەڵکەنرابوو، کارەبای مۆلیدە بۆ هەموو ژوورەکان راکێشرابوو، ئاسەواری چەوری مۆلیدەکە مابوو، ئەفسەرەکانی وەحدەکەشمان نەیاندەزانی ئەو شوێنە چییە تا سەربازەکان دابەزین و چووینە ناو ژوورەکان، ئیتر زۆر شتمان بۆ روونبوویەوە، پێدەچوو پێش ئەوەی ئێمە بچینە ئەو شوێنە ژیانی تێدابووبێ و ئاسەوارەکانی منداڵ و ژنان زۆردیاربوون، لە بەرمیل و تەنووری نانکردن و لە تەنەکە قاڵبی خشتی قوڕییان دروستکردبوو کە لەنێوان





ژوورەکاندا دیواری حەوشەیان پێدروستکردبوو، یاری منالأنەی وەك لە قوتوی دۆشاو و کەمپوت و تەلیان تێکردبوو، یاری منالأنەیان پێدروستکرابوو، پێلاو و نەعلی مندالأن و ژنان زۆربوون بەلأم ئاسەواری پیاومان نەدی، دواتر کە چووینە ناو ژوورەکان لەسەر دیوارەکانی بەکوردی و عەرەبی چەندین دێرە شیعر و ناو و ناونیشان نوسرابوون ئێستا هیچیانم بیرنایەتەوە، بەلأم ئەوەی قەت بیرم ناچێتەوە کە لەسەر دەرگایەك بە عەرەبی نوسرابوو (کە هاتم کچ بووم، ئێستا دوو مندالم هەیە) ئەو رستەیە بێتاقەتییەکی زۆر سەیری لەناو وەحدەکەدا دروستکردبوو تەنانەت رۆژێك ئەفسەرێکی عەرەب لەسەر بەرزاییەك لەنزیکی ئێمەوە دانیشتبوو سەیری ئاسمانی دەکرد، لەبەرخۆیەوە هەر ئەو رستەیەی دەگوتەوە و هەر دەیگوت (أتیت باکراً، أتیت باکراً،...) لەناو ئەو شوێنەدا سێ ژووری تێدابوو کە ژووری یاریدەدەری پزیشك و موزەمیدێك و سستەرێك بوو ناوی هەرسێکیشیان لەسەر (پلاك) نوسرابوو بەلأم ناویانم بیرنەماوە، لەو ژوورانەدا دەرمانی ئێکسپایەری زۆری تێدابوو بە تایبەتی شروب و لەژووری پزیشکەکەدا دەفتەرێك هەبوو ناوی نەخۆشەکان و تەمەن و جۆری نەخۆشییەکانی و ئەو دەرمانانەی پێیان درابوو تۆمارکرابوون لەناو وەحدەکەدا کەس نەیوێرا باسی ئەو دەفتەرە بکات بەلأم کورێکی خەلکی سلێمانی کە ناوەکەیم بیرنەماوە شاردیەوە، لەو دەفتەرەدا هەموو ناوەکان ژنان بوون لەگەل منالأن، تەشخیصی نەخۆشییەکانیش هەمووی (التهاب المجار البولی) نوسرابوو.

ئێمە وا تێدەگەیشتین ماوەیەکی زۆر ژیان لەو جێگەیەدا هەبووبێ، ئاسەوارەکان وایان نیشاندەدا، بوونی بیری ئاو دروستکردنی خشت و حەوشە و تەنوری نانکردن بەلگەبوون کە ماوەیەکی درێژ خەلکی تێدا ژیاوە.. لەو ناوچەیەدا هەندێك عەرەبی بەدو هەبوون، پیاوێك هەبوو مەکینە و تەنکەری هەبوو زۆرجار دەهات بۆ ئاوبردن ئێمە لێی نزیکبووینەوە و خۆمان پێناساند کە کوردین و خەلکی ناوچەی سلێمانین، ئەو وتی چەندجارێك هاتوومەتە سلێمانی. کورێکم سەربازە و لە سلێمانییە و تەنانەت ناوی هەندێك لە موستەشارەکانی ناوچەی ئێمەی دەزانی وەك خالیدی خولەسوور و حوسەینی مەساح و هەندێکی تر، تا جارێکیان وتی خالید گیراوە و بەربووە.. رۆژێك پرسیارمان لێکرد ئەویش وتی نزیکەی (١٣٠٠) ژن و مندال لەو جێگەیەدا نزیکەی دووسال ژیاون و هەموویان جلوبەرگی کوردییان لەبەردابووە رۆژی وابووە ژنەکانیان رووتدەکردەوە و لەبەر ئەو سەرمایەدا بۆ ماوەیەکی زۆر رایاندەوەستاندن و دواتر دەکەوتنە لێدانیان، لەبەرئەوەش کە زۆر شارەزابووم نەماندەوێرا پرسیاری زۆر بکەین تا جارێکی تر وتی ماوەیەك بەر لە ئێستا گشتیان کوشتن و ئالەو تەپۆلکانەدا کردنیان بەژێر خۆلەوە و دەستی بۆ هەندێك بەرزایی راکێشا. سەبارەت بە ناوچەکەش لێمان پرسی وتی (صغر الباتن) لەپێشمانەوەیە و وا گومانمان دەبرد ئەو شوێنە (شیحات) دەکەوێتە ناو ئەو شوێنەی کە جاران پێیان دەوت (منطقة الحیاد) واتە ناوچەی بێلایەنی نێوان هەرسێ ولاتی سعودیە و کوەیت و عێراق.

لەیەکێکی تر لە ژوورەکاندا پربوو لە قژە سەری ژن، ئیتر نازانم خۆیان رنیبوویان یان بۆیان بریبوون .. لە ژوورێکی تردا وێنەی مزگەوتێك دروستکرابوو. هەندێك خواردنیان لێ بەجێمابوو، قوتووی پێنج کیلۆی فاسۆلیا و نەوت هەبوو، قوتووە شیر هەبوو. ئەو ناوچەیە ئەوەندە دوور و دەشتاییە ئەگەر شارەزا نەبیت ناتوانی دووربکەویتەوە، وەحدەکەی ئێمە لە (بوصەیە) کە گوندێك بوو لەو نزیکانە و نزیکی ناسریە بوو مەرکەزی پۆلیسی تێدابوو بەرمیلیان لێدانابوو تا گوم نەبین هەر دووسەد مەتر و بەرمیلێك دانرابوو بەریز تا دەگەیشتینەوە وەحدەکەی خۆمان.. ئامری وەحدەکەشمان ناوی (وائل خزعل ایوان) بوو کە عەرەب بوو، لەو جێگەیەدا بۆ ماوەی شەش مانگ ماینەوە و تا رۆژی ١٩٩١/٢/١٧ فیرارم کرد. ئەو وەحدەیەمان زۆرینەی کوردبوو لەناوچەی خۆماندا (جەباری کوڕی جەمالی فەراش و کاك جەلالی حەمە کەمالەیی و وەستا عەبدولایەك کە عەریف بوو خەلکی هەلەبجە بوو، مامۆستا صالح)یکی تەوێلەییمان لەگەلدابوون کە بەیەکەوە بووین هەموومان ئەو شتانەمان بینی و لەگەل مامۆستا سالح رۆژی ١٩٩١/٢/١٧ فیرارمان کرد و هێندەی نەبرد راپەرین روویدا.

ئەوەی کە خوێندتانەوە دیرۆکی (١٣٠٠) مرۆڤی کوردەواری ناو ئاووهەوا سازگارەکەی کوردستانە و لە پرۆسەی ئەنفالی بەعسدا لە بیابانەکاندا بەکۆمەل کراون بەژێرخۆلەوە .. تۆ بلێی رۆژێك عێراق هێندە ئارامی بەخۆیەوە ببینێ و بتوانین بچینەوە (شیحات) و بەئێسك و پروسکی ئەو ژنە مندالانەی کورد شاد ببینەوە؟!